# خۆپێشاندانی هێمنانەی بەر باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لەندەن

جەلال ئازەری

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 26 جولای 2007 لە لەندەنی بارانی پێتەختی بریتانیا شاهیدی خۆپێشاندانێک بە بەشداری کوردەکان و غەیری کوردانی دانیشتوی ئەم وڵاتە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.

خۆپێشاندانەکە لەدەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی بەنیشانەی دژایەتی بەحوکمی ئیعدام بۆ دوو ڕۆژنامە نووسی کورد بەڕێزان عەدنان حەسەن پور و هیوا بوتیمار لە کاتژمێری 1ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد و تا کاتژمێری 3ی خایاند.

خۆپێشاندەران بەزمانەکانی ئینگلیسی،کوردی و فارسی درووشمیان داو شەپۆلی نوێی ڕژیم دژی ڕۆژنامە نووسان، ڕووناکبیران، لاوان و تێکۆشەرانی بەرگری لە ماڤی مرۆڤ لە ئێران مەحکوم کرد.

پێویستە بگوترێ کە ئەو پەیامانەش خوێندرانەوە:

پەیامی کۆمیتەی هاوبەشی ڕۆژنامە نووسانی کورد، پەیامی دەستەی نوسەرانی ماڵپەری بۆکان (ڕۆژهەڵات(پەیامی بەرەی دمکراتیک مەردومی احواز کمیتە پیوەندیەکانی نێونەتەوەیی خوێندنەوەی قەتعنامەی خۆپێشاندەران (کە پاشان بە پۆست ڕەوانەی باڵوێزخانەی ئێران کرا(خۆپێشاندانەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێهات و پاشان هەیئەتێک پێکهاتوو لە بەڕێزان هادی بوتیمار (برای هیوا بوتیمار) خوشکە بێهجەت لە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا یان کردو نوسراوەیەکیان لەمەر بڕیاری ئیعدامی دوو ڕۆژنامە نووسی ناوبراو و پێشێل کردنی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران پێشکەشی ئەو وەزارەتخانە کرد.

کۆمەڵەی  شورشگیری زحمتکشانی کوردوستانی ایران،حزب دمکرات کردستان،کۆمەلی کولتوری کوردەکانی خوراسان، بەرەی یەکگرتوی گەلی بەلوچستان بەرەی دمکراتیک مەردومی احواز کمیتە پیوەندیەکانی نێونەتەوەیی ڕێکخراوی چاک لەندەن و کوردان و دۆستانی کورد لە بریتانیا بەشداری ئەم خۆپێشاندانە بوون .






IRAN
STOP
KILLING
KURDISH



